## کورد و ئیسلامی سیاسی و گرەوەکانی ئایندە
## هەل و مەرجەکانی هاتنەئارای ئیسلامی سیاسی لە کوردستان
## (3)

نزار جاف
nezarjaff@gmail.com

گومان لەوەدا نییە کە هاتنەئارای ئیسلامی سیاسی لە ولاتانی ناوچەکە"ولاتە عەرەبییەکان و ئێران و تورکیا"، بەسترابووەوە بە کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی جیاوازەوە. هەڵبەتە، هەر یەکێک لەم سێ هێڵە سەرەکییەی ئیسلامی سیاسی، پرۆژەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو کە لە بنەڕەتدا لە رۆشنایی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەرسێکیانەوە گەلابووبوو. لە میسر و سوریا و ئوردون"وەک سێ نموونەی سەرەکی بۆ ئیسلامی سیاسی عەرەبی"، قسە لە دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی دەکرایەوە و، گەڕانەوەی دەسەلات بۆ شارستانییەتی"عەرەبی ئیسلامی"، سەرەڕای پێداگرتن لە بارودۆخی خراپی ولاتەکانی ناوچە و، دوورکەوتنەوەیان لە پیادەکردنی"ئەحکامی ئیسلامی"کە هەر لەبەر ئەو هۆیە(بە بۆچوونی سەرانی ئیسلامی سیاسی)خوای گەورە "غەزەب"ی لە ئۆمەتەکە گرتووە و، خێر و بەرەکەتی لێ بڕیوە.

بەلام، ئیسلامی سیاسی تورکی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا سەری هەڵدا، قسە لە زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە تورکیادا دەکات و، جەماوەر و هەوادارانی بەوە دڵخۆش دەکاتەوە کە سەردەمی زێڕینی دەسەلاتی تورکی لە ناوچەکەدا بە هۆی ئیسلامەوە بۆ نەتەوەی تورک دەگەڕێتەوە و، هەر بە هۆی ئەوەشەوە"خێر و بەرەکەت"بێ سنوور بەسەر ئەو گەلەدا دادەبارێت، هەڵبەتە ئەوەی کە پتر هێز و توانا بە ئیسلامی سیاسی تورک بەخشیوە و دەسەلاتی خستە دەستەوە، ئەو نشووستییە مەزنەی پرۆژەی کەمالیزم بوو لە تورکیای دوای دەوڵەتی عوسمانی و گەیشتنی زۆربەی کێشەکانی تورکیا بۆ ئاستی قەیرانێکی ئاڵۆز. ئەوەی کە جێگەی تێرامانە، ئیسلامی سیاسی تورکیا هەر لە یەکەم رۆژی دەسەلات وەرگرتنییەوە، بە راشکاوانە رایگەیاندووە کە گوزارشت لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیا دەکات و هەموو پرەنسیپەکانی خۆی دەخاتە خزمەت ئەو بەرژەوەندیانەوە. لە میانەی ئەم دوو هێڵە سەرەکییەی ئیسلامی سیاسیدا، هێڵی ئیسلامی سیاسی ئێرانی بە پرۆژەیەکی فیکری جیاوازتر دێتە ناو گۆڕەپانەکەوە، کە گوزارشت لە هەل و مەرجێکی تایبەتی خودی ئێران دەکات و، هەمان ئاراستەی فیکری ـ سیاسی سەردەمی سەفەوییەکان بەرزدەکاتەوە بەلام بە شێوازێکی هاوچەرخانەی نزیکتر لە روحی سەردەم. ئەم هێڵەی ئێران بە هۆی بیرۆکەی دەرکەوتنی"ئیمامی مەهدی،"کە تیۆری"ولاية الفقيه"واتە دەسەلاتدارییەتی پیاوی ئایین، کردوویەتی بنچینەی سەرەکی بۆچوونەکانی بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی، توانیویێتی سوودێکی باش لە وروژاندنی هەستی مەزهەبی ئێرانییەکان"بەتایبەتی فارسەکان"وەربگرێت. هەڵبەتە ئەم هێڵەش لە کاتێکدا هاتەئاراوە کە جۆرە دژایەتیەکی ئاشکرای نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شاهەنشا محەمەد رەزا بەهلەویدا بە هۆی نرخی نەوتەوە هەبوو، شای ئێران، یەکێک بوو لەو سەرکردانەی کە بە توندی پێی لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دادەگرت، ئەو دەیخواست هەرچی زووتر مێژووی دێرینی"پرسپۆلیس"دووبارە بکاتەوە و، تامەزرووی ئەوەش بوو کە ئێرانێکی پێشکەوتوو لە هەموو بوارەکاندا دروست بکات. واشینتۆن ئەو ئارەزووانەی شای ئێرانی بە گەورەتر لەو رۆڵەی زانی کە لە ناوچەکەدا پێی سپاردبوو، هەربۆیە گۆڕینەوەی شێوە و ناوەڕۆکی دەوڵەتی ئێران تەنها لە رێگەی ئیسلامی سیاسییەوە دەکرا، چونکە هیچ هێزێکی سەر گۆڕەپانی ئێرانی توانی ئەنجامدانی ئەو کارەی نەبوو.

ئەم پێشەکییەم بۆیە باس کرد، تابێمە سەر بارودۆخی دروستبوونی ئیسلامی سیاسی کوردی، کە بێگومان لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی رابردوو، هیچ جۆرە گوزارشتێک لە هاتنەئاراوەی نەبوو، ئیسلامی سیاسی کوردی هەروەک زانراوە، بە هۆی بارودۆخی جەنگی عێراق ـ ئێرانەوە دروستبوو و، بە هۆی ئەو ناوچەی ئارامەی کە ولاتانی هاوپەیمان بۆ گەلی کوردیان دروستکرد و، لە سایەی ئەو کەشە دیموکراسییەی لە کوردستاندا هەبوو، پێی خۆی لەسەر زەوی قایمکرد. ئیسلامی سیاسی کوردی، کە بە شەرمەوە وشەی"کوردستان"لە کۆتایی ناونیشانەکەیدا دادەنێت، لە هەموو کەسێک باشتر دەزانێت کە تەوژمی نەتەوەیی لەناو گەلی کورددا چەند بەتینە و، باشتریش دەزانێت کە ئەو گەلە گوێی خۆی بۆ کەسانێک شل دەکات کە گوزارشت لە هێنانەدی خواستە نەتەوەییەکانی بکەن، هەر بۆیە ئیسلامی سیاسی کوردی بە هەموو هێڵەکانییەوە، هەمیشە قسەیان لە پابەندبوونیان بەو خواستانەوە کردووە. بەلام، ئەوەی کە لێرەدا لە هەمووی گرنگترە، ئەو پرۆژە فیکری ـ سیاسییەیە کە ئەو باڵە جیاوانە هەڵیدەگرن، لە راستیشدا، هیچیان ناتوانن نکولی لەوە بکەن کە پابەندی بیرۆکەی گەڕانەوەی"خیلافەی"ئیسلامین، ئەو پێوەندییە بەتینەی کە لە نێوان ئەو بالانەی ئیسلامی سیاسی کورد و بزافەکانی ئیسلامی سیاسی"سوننی مەزهەبی"ناوچەکەن، ناوەڕۆکی پشتیوانی و هەوادارییان دەردەخەن بۆ باڵی ئیسلامی سیاسی عەرەبی بە پلەی یەک، بەتایبەتیش بە هۆی ئەو پشتیوانییە بەردەوامەی کە لەوانی وەریگرتووە و وەریشی دەگرێت. ئەوەی کە جێگەی تێڕامانە، بزافی ئیسلامی سیاسی بە هەر سێ ئاراستەکەیەوە، لەدژی دروستبوونی دەولتێکی کوردین، کە ئەمەش لە خۆیدا رەنگدانەوەی هەمان هەلوێستی رژێمەکانی ئێستای ولاتانی ناوچەکەن. هەرچەندە ئێمە لێرەشدا، پێ لەسەر ئەوەش دادەگرین کە رێگە نەدان بە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە بنەڕتدا بۆ مێژوویەکی دێرینی

سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە. گەلی کورد لەو سەرەمانەی پێشوودا، هەروەک سەپانێک و جوتیارێکی بەردەستی ئەوان وابووەوە، هەربۆیە ئەو شێوازی بیرکردنەوە و تێڕاونینەی لەلایەن هەموو دەسەڵاتدارییەتییەک کە دێتەئاراوە لە هەر وڵاتێکی ناوچەکەدا بۆ ماوەتەوە. ئیسلامی سیاسی کوردی هەرگیز ناتوانێت بڵێت من"خیلافەی"ئیسلامی کوردی دادەمەزرێنم و، هەرگیز ناشتوانێت پێی لەو بەرەیەی کە ئیسلامی سیاسی سوننی مەزهەب بۆی راخستووە پتر رابکێشێت. هەڵبەتە، هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە چوونە ناو هەڵبژاردنەوە بە لیستێکی جیاوازەوە، لەگەڵ ئەو هەموو پڕوپاگەندەیەی کە لەو بارەوە کردی، نەیتوانیوە بڕوای ناوەندە سیاسییەکان سەبارەت بەوەی کە ئەو کارەی پیادەکردنێکی سەرەتایی خواستەکانی ئیسلامی سیاسی ناوچەیی بوو کە هەمیشە بە گومانەوە تەماشا و مامەڵەیان لەگەڵ بزافی رزگاریخوازی کورددا کردووە. بەڵام، لێرەشدا، هەرگیز ناکرێت چاو لەو بنکە جەماوەرییەی یەکگرتووی ئیسلامی لە شارە جیاوەزاکانی کوردستاندا بپۆشین، ئەم بنکە جەماوەرییەش لە خۆیدا، زەنگێکی مەترسی بۆ پڕۆژەی نەتەوەیی کورد لێدەدات، چونکە ئەوانە هەموو بمانەوێت و نەمانەوێت کەرەستەی ئامادەن بۆ بەردەستی و یارمەتیدانی پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا. بەلام، ئایا ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، تەنها پابەندی ئیسلامی سیاسی ناوچەییەیە یان پێوەندی بە هێز و لایەنی تریشەوە هەیە؟ لێرەشدا، بابەتی پێوەندی ئیسلامی سیاسی کوردی بە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە دێتە ئاراوە، کە ئەمەش باسێکە بۆ بەشی داهاتووی ئەم لێکۆڵیەوەیەی دادەنێین.

تێبینی: ئەم بابەتە بۆ یەکەم جار لە رۆژنامەی کوردستان راپۆرتدا بڵاوکرایەوە.